**له نێوان خیانەت و خزمەتدا**

**وڵامێک بۆ مەسعوود بارزانی سەرۆکی پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عێراق**

## پێشەکی

پێشتر براوەکانی شەڕ مێژوویان دەنووسییەوە، بەڵام ئەمڕۆ بە هۆی بەربڵاوی میدیا و هەروەها رادەی زۆری خوێندەواری، ئیتر کەس ناتوانی مێژوو بە کەیفی خۆی بنووسێتەوە یان بە لاڕێیدا ببات و بشێوێنێ. چوونکی هەر زوو دەکەوێتە بەر شەپۆلی ڕەخنە و لە بێخەوە هەڵدەتەکێ.

مەسعوود بارزانی سەرۆکی پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عێراق لە کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد" لە بەشی مێژووی کوردستانی رۆژهەڵات بە کەیفی خۆی مێژوویەکی نە زۆر کۆنی شێواندووە. ئەم مێژووە کە شێواوە، خودی بارزانی و پارتەکەی رۆڵێکی یەکجار نەرێنییان تێدا هەبووە کە ئەمڕۆ بارزانی دەیەوێ بە شێواندنی ئەو مێژووە رۆڵی خۆی ئەرێنی نیشان بدات و خۆی بکاتە فریشتەی نەجات کە ئەوانی دیکە نەیانهێشتووە رەساڵەتی نەجاتبەخشیی خۆی بەجێ بگەیەنێ.

ئەمڕۆ بارزانی دەسەڵاتدارە و پارەیەکی یەکجار زۆر لە بەر دەستییە، میدیایەکی بەهێزی هەیە، تەنانەت قەڵەم بە دەستی زۆری لەو پارچەیە کە مێژووەکەی دەشێوێنێ بە کرێ گرتووە و لەم بارەیەوە متەقیان پێوە نایە. لە وەها دۆخێکدا هاتنە مەیدانی قەڵەمی سەربەخۆ ئەرکی نیشتمانییە، چوونکی گەلێک مێژووی لێ بشێوێندرێ، داهاتوویشی دەشێوێندرێ، ئەم گەلە سنووری دۆست و دژمنی لێ تێک دەدرێ. ڕەنگە پرسیار بکرێ کە ئەوە نیە کۆماری ئیسلامی رۆژانە مێژووی ئێمە دەشێوێنێ؟ ئەی بۆ ئاوەها هەستیار نیە؟ وڵامەکە سادەیە، بارزانی لە ڕەگەزی کوردە، سەرۆکی حیزبی سیاسییە، ئیددیعای سەربەخۆیی کورد دەکات، ریفراندۆم بەڕێوە دەبات. بۆیە نووسینی کەسی ئاوەها لە نووسینی ڕێژیمی ئێران جیاوازیی ئاسمان تا زەوی هەیە.

لەم نووسراوەیەدا تەنیا ئاماژە بە هێندێک لە سیاسەتەکانی قیادە مەوەقەت دەکرێ.

## دۆخی (قیادە موقت) لە رۆژهەڵات لە سەردەمی شۆرشی ئێران

پارتی لە سەرەتای شۆرشی ئێران لە رۆژهەڵات بە چەشنێک بێزراو بووە کە خەڵک هاوکات دژی شا و قیادە موەقەت دروشمیان داوە. لەم بارەیەوە ئەحمەد ئەسکەندەری لە وتاری "قطعنامە ٨ مادەای مهاباد، قیادە موقت و کردستان ایران"دا دەڵێ: هەموو کەس دەزانێت کە لە مانگەکانی

کۆتایی ڕژێمی شادا لە شارەکانی کوردستان نەک هەر لە خۆپیشاندانەکاندا بەڵکوو لە سەر دیواری کووچە و کۆڵانان ئەم دروشمانە هەبوون؛ "دارو دەستەی قیادە – ڕەنجی کوردیان بە بادا"، "کێ بوو سولەیمانی کوشت؟ کێ بوو دوکتور شوانی کوشت؟ بارزانی بوو بارزانی، قیادەبوو، قیادە"

ئەم بێزراوییە بە هۆی سیاسەتی هەڵەی پارتی لە ماوەی دەسەڵاتیان لە باشوور بوو، کە دەیان کادری ڕێبەریی حیزبی دیمۆکراتیان تیرۆر و تەرمەکانیان ڕەزوانەی ئێران کردەوە. بە مەبەستی یارمەتیی شای ئێران هێزی چەکداری بۆ سەرکوتی پێشمەرگە ناردۆتەوە دیوی ڕۆژهەڵات. جێی ئاماژەیە کە ناکۆکیی نێوان یەکیەتی و پارتی کاریگەریی کردبووە سەر کوردی ڕۆژهەڵات، بە تایبەت کە کۆمەڵە لە ژێر کاریگەریی یەکیەتی نیشتمانیدا بووە.

لە کاتی ڕووخانی حکوومەتی شا، مەلا مستەفا لە ئامریکا بووە و لەوێوە پەیامی پیرۆزبایی بۆ خۆمەینی دەنێرێتەوە و دەڵێ: سەرکەوتنی برایانی ئێران بە ڕێبەریی ئێوە بە سەر زوڵم و زۆردا، سەرکەوتنی هەموو هەژارانی دنیایە و بە تایبەت نەتەوەی هەژاری کورد... بە بۆنەی ئەم سەرکەوتنەوە پیرۆزباییتان پێ دەڵێم و هیوادارم ئێمەش وەک بەشێک لە موجاهیدانی ئەم ڕێگە پیرۆزە بزانن.

## چالاکیی قیادەی موەقەت لە ئێران

بارزانی دەڵێ پێش لە ڕووخانی شا پەنابەرانمان لە مەشقی بەکارهێنانی چەک زۆریان هاوکاریی قازی تەباتەبایی لە تەوریز و سەدووقی لە یەزد کرد و مووسەویی ئەردەبیلی ئاگاداری یارمەتییەکان بوو، هەروەها کاتێک ئیمام خۆمەینی لە پاریس بوو، سادق قوتب زادە خاڵی پێوەندیی ئێمە و ئیمام بوو... دوای سەرکەوتنی شۆڕش ، لە ڕۆژی ٢٣ی ئایاری ١٩٧٩ لە گەڵ کاک ئیدریس سەردانی ئیمام خۆمەینیمان کرد، لەو دیدارەدا داوامان کرد ئیزن بدرێ کە پەنابەرانمان لە شارەکانی ئێرانەوە بگەڕێنە ڕۆژهەڵاتی کوردستانم ، (بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان، ل ٣٨٢ و ٣٨٥) هیچکام لە هێز و کوردستانییەکان ئاگاداری ئەم پێوەندییە قووڵەی پارتی لە گەڵ ڕێژیمی نوێی ئێران نەبوونە و نەیانزانیوە هاوکاریی کۆمەڵێک مرۆڤی تیرۆریستی کردووە و بۆ بەکار هێنانی چەک ڕاهێنانی پێ کردوون.

## کۆبوونەوەی مەسعوود بارزانی و کەریم حیسامی

سەرەتا باسی کۆبوونەوەی خۆی لە گەڵ کاک کەریم حیسامی لە قیبرێس دەکات، کە دەڵێ لەو کۆبوونەوەیە باس لە سەر کێشەی کورد لە ئێران و هەر وەها پێش خستنی پێوەندییەکانمان لە گەڵ حیزبی دیمۆکرات کرد. لەم کۆبوونەوەیەدا بارزانی باسی ماددەی هەشتی داواکاری هەیئەتی نوێنەرایەتی کوردیش دەکات، بەڵام ئەو ماددەیە بە نیمە و ناتەواوی باس دەکات، بارزانی لەم کتێبەیدا باسی بڕیاری پێوەندیی داهاتووی پارتی لە گەڵ ڕێژیمەکانی داگیرکەر

ناگێڕێتەوە کە لە گەڵ کاک کەریم هێناویەتە گۆڕێ، بەڵام کاک کەریم بە وردی باسی دەکات و دەڵێ: "مەسعوود گوتی کە ئێمە بڕیارمان داوە لە گەڵ هیچکام لەو حکوومەتانەی بە سەر کوردستاندا حاکمن، پێوەندیی و تێکەڵیمان نەبێ، لە گەڵ ئیعادەی ڕێکخراو ، بڕیارمان داوە کە مەسەلەی کورد لە عێراق ڕەبت نەکرێ بە هیچ دەوڵەتیک کە کوردی تێدایە، خۆمان لە وڵاتانی سوسیالیستی نیزیک کەینەوە و بە هیچ جۆر تخونی وڵاتە ئیمپریالیستەکان نەکەوین، هەوڵ بدەین بۆ نێو هێزە دیمۆکراتیکەکانی جیهان بگەڕینەوە، ئەگەر بە یارمەتیی ئێران، تورکیە، سووریە و ئیمپریالیزم سەربەخۆیی کوردستان بدرێ نامانەوێ". (ک. حیسامی، بەرگی ٦، ل ١٤ و ١٥) بەڵام بارزانی پێش ئەو کۆبوونەوەیە لە گەڵ ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەییشتووی ئێران بۆتە هاوپەیمان کە لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا.

لە کۆبوونەوەی دووهەمدا لە گەڵ کەریم حیسامی، بارزانی باسی ماددەی هەشتەمی داخوازییەکانی کوردی رۆژهەڵات دەکات، بەڵام بە نیوەچڵی و باسی بڕگەی دوایی ماددەی هەشتەم ناکات. بارزانی هەروەها دەڵێ کەریم حیسامی لەو کۆبوونەوەیە دا شەرمەزاریی خۆی لە نەچوون بۆ ڕێورەسمی ناشتنی تەرمی مەلا مستەفا دەربڕیوە . هەروەها وتوویەتی کە دەستی بەعس هاتۆتە ناو حیزبی دیمۆکراتەوە. بارزانی لێرەدا هەم شتەکان ناڕاست دەگێڕێتەوە و هەمیش بۆختان دەکات. کەریم حیسامی دەڵێ لە کۆبوونەوەی یەکەم باسی ماددەی هەشت کرا کە ڕەدی کردۆتەوە کاری دۆکتور قاسملوو بێت. لە کۆبوونەوەی دووهەم زیاتر دەمەقاڵە بووە و سەرەتا بارزانی داوا لە کاک کەریم دەکات کە ئەو قسانەی کە پێشتر ئیدریس لە سەر کردوونی نەیگێڕێتەوە (ئیدریس پێشتر لە کۆبوونەوەی لەگەڵ دۆکتۆر قاسملوو بە کەریم حیسامی دەڵێ : ئەوە ساواکییە دەری کەن ! کە ئەمە دەبیتە هۆی توورە بوونی دۆکتۆر قاسملووو بەجێ هێشتنی کۆبوونەوە لە لایەن دۆکتۆر قاسملووە). لە ناو ئەو کۆبوونەوەیەدا یەکێک لە فەرماندەکانی پارتی کە پێشتر ئەندامی ڕێبەریی حیزبی تیرۆر کردووە چەند کەسی لە کادر و پێشمەرگەی حدکا داوەتە تەحویلی ساواک لە سەر ماددەی هەشت دەبێتە دەمەقاڵە کە کاک کەریم بە توندی وڵامی دەداتەوە و مامۆستا هەژار نێوبژیوانی دەکات و کۆبوونەوە تەواو دەبێ. ئیتر دەرفەت بۆ ئەوە نابێ کە کەریم حیسامی باسی نەچوون بۆ پرسەی بارزانی و دەستی بەعس لە ناو حدکادا بکات. دوای ئەو کۆبوونەوەیە کەریم حیسامی کۆبوونەوەیەک لە تاران بۆ ئیدریس و مەسعوود بارزانی لە گەڵ دۆکتۆر قاسملوو ڕێکدەخات.

## ماددەی هەشت

دەقی ماددەی هەشت "بەو پێیە کە مەلا مستەفا بارزانی و تاقمی ناسراو بە "قیادە موەقەت" داردەستی ڕێکخراوی 'سیا' ی ئەمریکا و 'ساواک' ی ئێران و 'میت' ی تورکیا بوون و [ئێستایش] هەن و هەروەها هەموو گەلی کورد نەفرەتیان لێدەکەن، لە دەوڵەتی شۆرش داواکارین کە هەرچەشنە پەیوەندی و لێک نزیکبوونەوەیەک لەگەڵ ئەم داردەستەیە ببڕێتەوە و ڕێبەرە

خائینەکانیان لە ئێران وەدەرنێن، بەبێ ئەوەی ئەم سیاسەتە زیانێك بە دۆخی بنەماڵە پەنابەرە هەژارەکان بگەیەنێت"

شێخ عیزەدین دەڵێ: "... خەڵکی کوردیش لە رۆژهەڵات هەمیشە باوەشی بۆ کوردی بەشەکانی دیکە ئاوالا بووە، کەوابوو ئەو مادەیە بەهیچ جۆرێک لە دژی خەڵکی ئاوارەی باشووری کوردستان نەبوو. ئەو مەسەلەیە پێشینەیەکی دوورودرێژی هەیە." کەوابوو تەنیا داوای دەرکرانی رێبەرانی قیادە موەقەت کراوە نەک خەڵک. (رۆژنامەی رووداو، ٣ی ئاگوستی ٢٠١٠)

حیزبی دێموکرات ڕادەگەیەنێ کە بەدوای سەرکەوتنی شۆڕش دا کاتێک نوێنەرانی دەوڵەتی کاتیی موهەندیش بازرگان هاتنە مەهاباد، تەنیا  نوێنەری حیزبی ئێمە لەو کۆبوونەوەدا زۆر دژی بەندی هەشتی داخوازەکان بوو کە داوای دەکرد دەبێ ئەفرادی قیادەی موەقەت لە ئێران دەربکرێن و  دوایەش کە ئەوبەندە بەزۆربەی دەنگ پەسند کرا حیزبی ئێمە چەندین جار بەڕەسمی ئەو داخوازەیەی بە شتێکی غەیرە مەسئوولانەی داناو ڕەدی کردەوە. (خیانەتەکانی قیادەی موەقەت)

لەرۆژانی ١٨-٢٠ی مانگی ٧ی ١٩٧٩ لەسەر بانگیشتی "بەرەی ناسیۆناڵی ئێران" (جبهه دمکراتیک ملی ایران) ، کۆنفرانسێک لەژێر ناوی (کۆنفرانسی یەکێتیی گەلانی ئێران) لە شاری تاران بەسترا. لە کۆنفرانسەکەدا ئەم لایەنانە بەشداربوون: نوێنەری شێخ عێزەدینی حسێنی، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆری هاوئاهەنگیی کۆمەڵەکانی ئێران، کۆری هاوئاهەنگیی کۆمەڵەکانی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی کوردەکانی کۆنفرانسەکە چەن مادەیەکی پەسندکرد و، مادەی ٨ی تایبەت بوو بە داوای دەرکردنی قیادە موقت لە ئێران. دەقی نامەکە بەمجۆرە بوو: "ئێمە ئەم لایەیانەی خوارەوە کە ئەم نامەیەمان واژۆکردووە، داوا لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی دەکەین و پێ لەسەر ئەوە دادەگرین، واز لە سیاسەتی نەرم ونیانی بەرامبەر رێبەرانی ناپاکی "قیادە موقت" بهێنن و، دەسبەجێ داخوازیی گەلی کورد بهێننەدی و "قیادە موقت" لە ئێران دەربکەن. تا لەم رێگەیەوە یەکێ لە لایەنەکانی نائارامی و ئاژاوە لە کوردستاندا بکوژێتەوە. ئاشکرایە ئەم داوایە، ئاوارە بێ پەناکانی کوردستانی عێراق ناگرێتەوە کە لە ئێران نیشتەجێن!". دەقی نامەکە رۆژی چوارشەممە ٢٥/٧/١٩٧٩ لە رۆژنامەی "ئازادیی" (زەلکاو، سیروان کاووسی، ل ٢٩) بەڵام حیزبی دیموکرات رادەگەیەنێ کە لە کۆنفرانسی گەلان لە تاران کە نوێنەری زۆر لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە ناوچەیی و سەرتاسەرییەکانی ئێرانی تێدا بوو تەنیا ڕێکخراوێک کە دژی هێرش کردن بۆ سەر قیادە موقت راوەستا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو. لە بریارنامەی کۆنفرانسدا بە زۆربەی دەنگ بریارێک لە دژی قیادەی موەقەت پەسەند کرا، بەڵام هەر لەوێدا بە سەراحەت گوتراوە کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران موخالیف بووە. بە کورتی لە گەل ئەوەی زۆربەی هێزە سیاسی یەکانی ئێران و بە تایبەتی کوردستان بە توندی لە دژی قیادە موقت کاریان دەکرد حیزبی ئێمە

هیچ وەخت هەڵوێستی دوژمنانەی بەرامبەریان نەگرت و هەر لەو باوەڕەدا بوو کە ئەوانە وەک میوانێک دەبێ چاویان لێ بکرێ و بە پێی توانا یارمەتی خێزانە- لیقەوماوەکانیان بدرێ. (خیانەتەکانی قیادە مەوەقەت)

### هۆکارەکانی هاتنە ئاڕای ماددەی هەشت

لە ماوەی نزیک بە ٢٠ ساڵ پێش رووخانی رێژیمی شا و کاتێک پارتی لە باشوور نیمچە دەسەڵاتیان هەبوو، دەیان تێکۆشەری رۆژهەڵاتیان تیرۆر کرد و تەرمەکانیان ناردەوە بۆ رێژیمی شا، هەر لەو ماوەیەدا دەیان کەس لە تێکۆشەرانی رۆژهەڵاتیان دەسبەسەر و تەحویلی رێژیمی شایان دایەوە. هێزێکی چەکداریان ناردبووە رۆژهەڵات بۆ یارمەتی دانی ئەرتەشی شا بۆ بەرەنگار بوونەوەی پێشمەرگەی رۆژهەڵات.

"کۆمەکی بارزانی بە حکوومەتی حەمەڕەزاشا دوو بواری هەبوو: یەکیان ئەوە کە ئەفرادی چەکداری خۆی بو یارمەتیی هێزە سەرکوتکەرەکانی شا نارده کوردستانی ئێران ،و ئەوی دیکەش ئەوەبوو کە لە خودی کوردستانی عێراقدا کەوتە گرتن و راوەدوونان و تەحویل دانەوەی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرا بە زیندوویی دەنا بە مردوویی." (وەرگیراو لە نامێلکەی خیانەتەکانی قیادەی موەقەت)

### کۆچی دوایی مەلا مستەفا بارزانی

نیزیک بە دە رۆژ دوای کۆبوونەوەی وەفدی کورد و نووسینی داخوازییەکان، مەلا مستەفا لە ئامریکا کۆچی دوایی دەکا . تەرمی بارزانی لە ئامریکاوە هێناویانەوە شنۆ و ناشتیان، سەرەڕای ئەوەی کە مەلا مستەفا و پارتی کاتی خۆی پشتیوانی شا بوونە، بەڵام خومەینی ئیزن بە تەرمەکەی دەدەن کە بێتەوە ئێران و تەنانەت بە هێلی کۆپتێر دەیگەیەنە شنۆ! ئەمە خۆی نیشانەی پێوەندیی قووڵی پارتی و ڕەوتی خومەینی بووە کە هەر وەک باس کرا لە پێش سەرکەوتنی شۆڕشەوە دامەزراوە.

### نێوانی یەکیەتی و پارتی

جووڵانەوەی کورد لە عێراق لەو کاتەدا دابەش ببوو بە سەر دوو بەرە دا . لایەکی بنەماڵەی بارزانی و لایەکەی دیکەی یەکیەتی بوو. تازە کارەساتی حەککاری قەوما بوو، یەکیەتی و پارتی بە خوێنی سەری یەکتری تینوو بوون، هەردوولایان لە لای کاربەدەستانی ئێرانی هەوڵیان دەدا، ئێران بەلای خۆیدا رابکێشێ و لایەکەی دیکە لە لای ئێران بەدناو بکات. (نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتر دەشکێنن، ل ٢٢) کە ئەمە کاریگەرییەکی یەکجار نیگاتیفیشی لە سەر کوردی رۆژهەڵات هەبووە.

### هەوڵی حدکا بۆ ئاشت کردنەوەی مام جەلال و بارزانی

له لاپەڕەی ٢٦٤دا بارزانی دەڵێ "له ١٣ی نیسانی ١٩٧٩دا له سەر بانگهێشتی ژمارەیەک له مامۆستایانی ئایینیی رۆژهەڵاتی کوردستان له ماڵی مامۆستا مەلا رەحیمی ساڵحی کۆبوونەوەیەک رێک خرا کە د. قاسملوو و شێخ عێزەدین و ژمارەیەک له کادیر و بەرپرسانی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵه و مامۆستایانی ئایینی ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون." بارزانی تەنیا شتێک کە له سەر ئەو کۆبوونەوەیە باس دەکات ئەوەیە کە له گەڵ شێخ عێزەدین حسێنی بۆتە دەمەقاڵە و ئەمیش تۆمەتی ساواکی بوونە خستۆتە پاڵ شێخ عێزەدینەوە و دۆکتۆر قاسملووش دۆخەکەی ئارام کردۆتەوە. دواتر بۆختانێکی دیکە دەکات و دەڵێ کە قاسملوو پێمی وت "کاک مەسعوود بە خوا وام نەکردبایا عێزەدین کێشەمان بۆ درووست دەکات، کاکە زۆربەی خەڵک لە گەڵیەتی و بارودۆخەکە ئەمەیە، پێویستە لە گەڵی بڕۆین، جارێ وایە". بەڵام ئەم کۆبوونەوەیە بە دەستپێشخەریی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیمۆکرات  بووە نەک مامۆستایانی ئایینی. کۆبوونەوەکەش بۆ ئاشتیی نێوان حیزبەکانی کوردستانی باشوور بووە، کەریم حیسامی دەڵێ کە "کومیتەی ناوەندیی دەیەویست مام جەلال و کاک مەسعوود ئاشت بکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستە بڕیار درا لە ماڵی مامۆستا ساڵح رەحمەتی(مەبەست ڕەحێم ساڵحی یە)  کۆبوونەوە بکرێ" ئەم کۆبوونەوەیە کراوە بەڵام بە وتەی کەریم حیسامی شێخ عێزەدین کراوەتە بەرپرس بۆ پێوەندی لە گەڵ مام جەلال، بەڵام دوایی بڕیارەکان سەری نەگرت. (ک. حیسامی، بەرگی ٦، ل ٤٤ و ٤٥)   بارزانی تەنانەت یەک وشەش لە سەر ئەم دەسپێشخەرییە نانووسێت و لێی تێپەڕ دەبێ.

## هاتنەوەی بارزانییەکان و کۆکردنەوەیان لە کۆردستانی رۆژهەڵات

لە لاپەڕەی ٢٦٦دا بارزانی دەڵێ : بۆ جاری دووهەم لە هۆتێل لالە بە مەبەستی بەهێز کردنی پێوەندییەکان و یەکڕیزی و تەبایی گەلی کورد لە گەڵ دۆکتور قاسملوو کۆ بوومەوە و کاک جەلیل گادانیش لە کۆبوونەوەکە بوو. بە وتەی بارزانی لە کۆبوونەوەکە باسی هێنانەوەی پەنابەرەکانی باشوور لە شارەکانی دیکەی ئێران بۆ کوردستان دەکرێ کە دۆکتور قاسملوو پێشوازیی لێ دەکات، بەڵێنی هەموو هاوکارییەک دەدات، بارزانی دەڵێ هاوکات نیگەرانییەکی زۆر بە قاسملووە دیار بوو، دیار بوو ترسی کۆمەڵە و عێزەدینی هەبوو. هەروەها دەڵێ دوای ئەوە ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەرانمان گەڕاندنەوە شارەکانی کوردستان.

بەڵام هاوکات لە گەڵ ئەم دانیشتنە لە ئێران شتێکی پێچەوانە خەریکە روودەدات. نەوشیروان دەڵێ: پارتی لەو کاتەدا چەکدارەکانی کە بەشێکیان لە کوردستانی باکوور بوونە هێناوەتەوە ناوخۆی رۆژهەڵات لە شنۆ ، پیرانشار و نەغەدە و ... بڵاوەیان پێ کردوون. (پەنجەکان یەکتر دەشکێنن، ل ١٢٤) لە بیرەوەرییەکانی ئەحمەد چەلەبیدا لە وتووێژ لە گەڵ رۆژنامەڤانی بەناوبانگی عەرەب غسان شێربێل هاتووە کە لە ساڵی ١٩٧٩ کە بزووتنەوەی کوردەکان دژی شۆڕشی ئیسلامی دەستی پێ کرد، مەسعود بارزانی پێی وتووە کە بە دژە شۆڕش و نەیارانی

کۆماری ئیسلامی ڕێگە نادەین کە بە سنووری ئێران و عێراق بگەن.  هەروەها بە پێی گۆڤاری دوو وەرزنامەی بەرگری پیرۆزی سەر بە سپای پاسداران، بە هەماهەنگی شۆرای شۆڕشی ئیسلامی بارزانییەکان لە سەرانسەری ئێران بە پێی پلان کۆکرانەوە و لە شارەکانی نەغەدە، زیویە، پیرانشار و مەریوان ڕێکخران. ئەوان بۆ بەرگری لە کۆماری ئیسلامی دژی حیزبی دێموکرات بە ڕێبەرایەتیی دۆکتۆر قاسملوو شەڕیان کرد. هەروەها مەسعود بارازانی دوای چاوپێکەوتن لە گەڵ خامنەیی و ڕەفسەنجانی، لە گەڵ مستەفا چەمران وەزیری بەرگری گرێبەستێکی واژۆ کردووە کە دۆخی پەنابەرانی کوردی عێراقی لە ئێران چاک کرد و یارمەتیی وەرگرت و لە بەرانبەردا دژی حیزبی دیمۆکرات شەڕی کرد. لە درێژەدا دەڵێ لە راستیدا پێویستیی کوردەکانی عێراق بە یارمەتیی ئێران و نیازی ئێران بۆ دابین کردنی ئەمنییەت و لێدانی گرووپەکانی کوردی ئێران بوو بە هۆی پێکهاتنی هاوپەیمانی دووقۆڵی لە ١٩٧٩ تا ١٩٨٢. (دەورەی نوێ، سقڵی دووهەم، ژمارەی یەکەم، ل ١٤٢) بۆیە نیگەرانیی دۆکتۆر قاسملوو لە کۆمەڵە و عێزەدین نە بووە  بەڵکوو لە پلانی هاوبەشی قیادەی موەقەت و ڕێژیم لە سەر پەنابەرانی باشوور بووە. بە تایبەت پێشتر خومەینی ڕەزامەندیی لە سەر هاتنەوەی بارزانییەکان دەربڕیوە.

ڕێژیم بۆ زیاتر زەربە لێدان لە حیزبی دێموکرات و نەتەوەی کورد خۆی لە ئێل و عەشیرەتی بارزانی نیزیک کردەوە کە پێشتر لە ئێران پەنابەر بوون. لەو ڕێگایەشەوە سەرکەوتوانە دڵی بە دەست هێنان و وردە وردە کۆی کردنەوە. ڕێژیمی ئێران لە ژێرەوە ئەوانیشی دژی شۆڕشی کورد چەکدار کرد، و بە نێوی ژیان و حاوانەوە بە کوردستاندا بڵاو بوونەوە و لە ناوچەکانی مەرگەوەڕ ،تەرگەوەڕ شنۆ، لاجان، شاروێران، مەریوان، دزڵی و پاوە و ... نیشتەجێ بوون.ئەوەی پێویست و ئامانجی ڕێژیم بوو پێکهات. (بیرەوەرییەکانی سەعید کوێستانی، لاپەڕەی ٢٠٧)

کەریم حیسامی دەڵێ "ئەو دەم کاک مەسعوود لە گەڵ کاک سامی  و هێزێکی بارزانیان هاتبوونە ناوچەی شنۆ و لە گوندی شاوانە بارگە و بنەیان بە عەرزی دادابوو. ئێمە وەک حیزبی دێموکرات پێمان وابوو هاتنەوەی بارزانییەکان بۆ مەڵبەندی کوردستانی ئێران بۆ ئەو مەبەستەیە کە دەچنەوە کوردستانی عێراق و خەبات درێژە پێ دەدەن. لەو ئامانجەدا ئێمە هانیشمان دەدان و یارمەتیشمان پێ دەکردن، لە گەلێک شوێن لە باری جێگای حاوانەوە و خانووە یارمەتیمان دان، ئێمە هەر بەو ئامانجە و خەیاڵە لە هاتنەوەی بارزانییەکان یان بە قەولی ئەو دەم هێزەکانی قیادە موەقەت پێشوازیمان کرد." (ک. حیسامی، بەرگی ٦، ل ١٢٩)

دوای ئەوە ئیتر دەستێوەردانی بارزانییەکان لە بارودۆخی ڕۆژهەڵات بە قازانجی ڕێژیم دەست پێ دەکات. کەریم حێسامی دەڵێ: "لە ناوچەی ورمێ لە مەحاڵی دەشت و شوێنەکانیتر دەرەبەگی شکاک و هەرکی دەستیان کردبوو بە تاڵان کردنی گوندییەکان و سەدان ماڵی وەرزێریان لە گوند وەدەر نابوو و ئاوارەی شاری ورمێ کرابوون و لەوێ مانیان گرتبوو... کومیتەی ناوەندیی حدکا منی راسپارد لە گەڵ ئۆستانداری ورمێ قسە بکەم، ئۆستانداری ورمێ رایگەیاند تا ئەمری

مەرکەز نەیەت من ناتوانم هیچ کارێک بکەم، لە راستیدا نەیدەویست ئاغاکان سەرکوت بکا بۆ جاشیەتی دواڕۆژ دەیپاراستن ... مەسعوود بارزانی لە بەر ئەوەی دەرەبەگ و ئاغاکان ریسوا نەبن و سەرکوت نەکرێن هەوڵی دەدا کە وەرزێرەکان دەست لە مانگ گرتن و شکایەت هەڵگرن و لە گەڵ ئاغاکان رێک کەون...

## ئاژاوە نانەوەی قیادە موەقەت بە قازانجی رێژیم

بە هاتنەوەی بارزانییەکان و ریکخستنیان، ئاژاوەکان دەست پێ دەکەن، قیادە موەقەت دەست دەکا بە دنەدانی ئاغا و بەگەکان دژی حیزبی دێموکرات، دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی حدکا و شەڕ لە گەڵ هێزی پێشمەرگەی رۆژهەڵات. بۆ نموونە شەڕی مەنگوڕ و زەڕزاکان. بەپێی وتەکانی بارزانی لە کتێبەکەیدا قیادە موەقەت راستەوخۆ لە گەڵ رێژیم پێوەندییان هەبووە و پێش هەموو دانیشتنەکانی هەیئەتی دەوڵەت لە گەڵ هەیئەتی کورد، قیادە مووەقەت لە گەڵ هەیئەتی دەوڵەت و سپا و ئەرتەش دانیشتنی هەبووە و راپۆرتی خۆیان لە سەر دۆخی کوردستانی رۆژهەڵات بەوان داوە ، ئەوان بە زانیاریی تەواوەوە هاتوونەتە کوردستان.

## کێشەی عەشیرەتی مەنگوڕ و حدکا

بارزانی لە لاپەڕەی ٢٦٧دا باسی ناکۆکی نێوان حیزبی دێموکرات و عەشیرەتی مەنگور دەکات کە لە لێواری تەقینەوە دا بووە و لە گەڵ کاک کەریم و برادەران چارەسەریان کردووە و لە درێژەدا دەڵێ: "رۆژی ٢٦ی حوزێرانی ١٩٧٩ پێشوازیمان لە غەنی بلووریان و کەریم حیسامی و یووسف ررزوانی کرد ... باسی پێوەندییەکانی نێوان پارتی و حیزبی دێموکرات کرا... لە کۆتاییشدا داکۆکی لە سەر پێویستیی پاراستنی پەیوەندییەکانی هەردوولا کرایەوە." بارزانی ئاماژە بۆ ناوەرۆکی ئەم کۆبوونەوەیە ناکات و ناڵێ بۆچی بوو تەنیا هێندێک قسەی دووپاتە کراو باس دەکات. کەریم حیسامی وەک بەشدار بووی کۆبوونەوەکە بە وردی باسی خودی کۆبوونەوەکە و پێش و پاشی کۆبوونەوەکە دەکات و دەڵێ: "لە لایەن حیزبەوە بریار درا ئەو چەکانەی کە دەوڵەت بە مەنگورانی داون وەربگیردرێنەوە، رۆژی ٢٥ی ٦ی ١٩٧٩ دەستەیەک پێشمەرگە بۆ ئەستاندنەوەی چەکەکان دەچنە گوندی قەڵات لە گەڵ ئاغاکان دەرگیر دەبن و ئاغایەک دەکوژرێ، ئاغاکانی مەنگور هەڵدێن و دەڕۆنە پادگانی پیرانشار و جەڵدیان. دوایی بریار درا کە ئاغاکانی مەنگور ئاشت بکرێنەوە، بە تایبەت لەشکەری ٦٤ی ورمێ نەخشەی ئەوەی هەبوو لە هەموو ناوچەکانی کوردستان چەک بڵاو بکاتەوە. دەفتەری سیاسی بڕیاری دا کە من و مامە غەنی بچینە جەڵدیان و پیرانشار، ئاغاکانی مەنگور دڵخۆشی بدەینەوە و ئاشتیان بکەینەوە و بیانبەینەوە سەر گوندەکانی خۆیان. وامان باش زانی کە سەرەتا بچینە شنۆ بۆ سەردانی کاک مەسعوود لە رێگەی ئەوانیشەوە لە گەڵ لەشکەری ٦٤ی ورمێ هەوڵ بدەین کە دەست لە چەکدار کردنی ئاغاکان و لە گێرەشێوێنی هەڵبگرێ و با تووشی شەڕ و پێک هەڵپژران نەبین. لە کۆبوونەوە لە گەڵ کاک مەسعوود هاتینە

سەر ئەو بڕیارە کە من و کاک سامی بچینە ورمێ و لە گەڵ کاک ئیدریس بچینە کن فرماندەی لەشکەر و قسەی خۆمان بکەین... لە ورمێ کاک ئیدریسم تێ گەیاند کە بۆچی هاتووین، کاک ئیدریس وتی هەستە با هەر ئێستا بچینە کن فرماندەی ئەرتەش، لە ستادی لەشکەری ٦٤، سەرگورد سادقی سەرۆکی ستادی لەشکەر لەوێ بوو و منی نەدەناسی و کاک ئیدریسش منی پێ نەناساند، سادقی بە کاک ئیدریسی گوت کە تۆ نابێ خۆت بە عێراقی حێساب بکەی، ئێمە لە هاوکاری تۆ فرە مەمنوونین، تۆ هەر لە خۆمانی. کاک ئیدریس ئەمەی پێ ناخۆش بوو، دیار بوو سادقی زۆر شتی درکاند کە نەدەبوو لە لای من بیدرکێنێ... پاشان سەرهەنگ زەهیرنیژاد هاتە ژوورێ و قسەی خۆمان کردم، بەڵام سەفەرەکەمان بێ ئەنجام بوو... پاش گەڕانەوە بۆ لای مامە غەنی ساز بووین کە بچینە پادگانی جەڵدیان و ئاغا مەنگوڕەکان ببینین، کاک مەسعوودیش وتی منیش دێم و لە گەڵیشتان دێمە پیرانشار. مەبەستی سەرەکی کاک مەسعوود خۆ تێ هەڵقوتاندنی کاروباری ناوچە و ناکۆکی حیزب و ئاغاکان و نیشاندانی دەوری خۆی لە ناوچەدا بوو. لە پادگانی جەڵدیان پاش رەخنە گرتن لە بڵاو کردنەوەی چەک لە نێو ئاغاکان لە گەڵ فەرماندەکان، لە گەڵ ئاغاکانی مەنگوڕ کۆبووینەوە و دڵخۆشیمان دانەوە. پاشان بڕیاریان دا کە بچنەوە گوندەکانی خۆیان، پاشان چووینە پادگانی پیرانشار و ئاغاکانی دیکە رازی کران کە پادگان جێ بێڵن و بڕۆنەوە ماڵی خۆیان... (ک. حیسامی، بەرگی ٦، ل ١٣٠-١٣٢)

## کۆبوونەوە دژی هاتنی بارزانی بۆ پیرانشار

چوونکی لە ساڵی ١٩٧٥وە دوای رۆیشتنی مەلا مستەفای رەحمەتی، ئیدریس و مەسعوود نەهاتبوونە پیرانشار. رێکخراوەکانی کۆمەڵە، چریکی فیدایی و هێندێک تاقمی سەرلێشێواویش کە لە تاران راونرابوون لە کوردستان قورسایی کار و تەبلیغات و نووسینیان خستبووە سەر دژایەتیی بنەماڵەی بارزانی و قیادە موەقەت. کاتێک خەبەر بڵاو بوویەوە کە کاک مەسعوود لە پیرانشارە رێکخراوەکانی کۆمەڵە و چریک فیدایی خەڵکێکی زۆریان کۆ کردەوە و بازار و دوکانیان داخست و دژی کاک مەسعوود متینگیان ساز کرد، دۆکتۆر کەمال هاتە ژوورێ و وتی ئەگەر نەیەی ئەم وەزعە ئارام بکەیەوە ئاژاوە ساز دەبێ و وەزعەکە تێک دەچێ، خەڵکێکی زۆر کۆ بۆتەوە و بازار داخراوە و دژی کاک مەسعوود شوعار دەدەن، بە قسەی مامە غەنی من رۆشتم قسەم بۆ خەڵکەکە کرد و رامگەیاند کە کاک مەسعوود میوانی ئێمەیە و ئێمە دەبێ یەکگرتوویی خۆمان رابگرین و تکایە بڵاوە بە کۆبوونەوەکەتان بکەن. پاشان خەڵک بە دروشمی بژی دێموکرات بڵاوەی بە کۆبوونەکە کرد" (ک. حیسامی، بەرگی ٦، ل ١٣٠-١٣٢) بەڵام بارزانی لە لاپەڕەی ٢٦٧ی کتێبەکەیدا دەڵێ: "لە سەروبەندی سەردانەکەماندا هەندیک لایەنی چەپ و چەند کەسێک بە نیازی خۆپیشاندانێک بوون دژی پارتی، بەڵام ژمارەیەکی یەکجار وۆری خەڵکی دڵسۆزی ناوچەکە بە پێچەوانەوە پێشوازییەکی گەرمیان لێ کردین و پشتگیری و پاڵپشتیی

خۆیان بۆ پارتی نیشاندا و بووە هۆی پاشەکشە کردنی ئەو کەسانەی بە نیازی تێکدانی بارودۆخەکە بوون و هیچیان پێ نەکرا."

**کێشەی نێوان هۆزی زەرزا و حدکا**

لە لاپەڕەی ٣٦٧دا بارزانی دیسان باسی کێشەی نێوان هۆزی زەرزا و حدکا دەکات و دەڵێ : لە گەڵ کەریم حیسامی و مامە غەنی چارەسەرمان کردووە. سلێمان خانی زەرزا ١٢٠ تفەنگی پرنەوی لە ژاندارمێری ورمێ وەرگرتبوو بە سەر ئاغاکانی زەرزادا دابەشی کردبوو. ئەوانیش لە سەر رەعیەتەکانیان کردبوو کە دەبێ خەرج و باج و موڵکانەی دەساڵەی رابردوو بدەن، تەشکیلاتی حیزب لە شنۆ بۆ پشتیوانی وەرزێرەکان شنۆی گەمارۆ دابوو. تەشکیلات حیزب لە شنۆ بە ئاغاکانی راگەیاندبوو کە ئەگەر تا بەیانی چەکەکان رادەست نەکەن کوشتاری ئاغاکان دەست پێ دەکات. مامە غەنی نامەی نارد بۆم کە ئاغاکانی زەڕزا دەورە دراون ، سلێمان خان دەرپەڕیوە و ئێستا لێرەم ،ئەگەر نەگەیە شنۆ لەوانەیە خوێنێکی زۆر پرژێ. پریار درا بچمە شنۆ چەکەکان وەرگرمەوە، سلێمان خان لە گەڵم بووم، لە مزگەوتی شنۆ رامگەیاند ئاغاکان چەکەکان دەدەنەوە و نابێ دۆخەکە ئاڵۆز بێ، ئاغاکان کە کەوتبوونە تەنگانە  رۆشبوونە لای کاک مەسعوود بارزانی، کاک مەسعوودیش نامەیەکی بۆم نارد و وتبووی کە:

کاک کەریم سڵاو

وادیارە وەزعی شنۆ ئاڵۆزە، چونکە ئێمە لەم ناوچەین، باش نیە وەزع تێک بچێ، لە بەر ئەوە وام پێ باشە جارێ دەست لە ئاغاکان مەدەن، پاشان من قسەیان لە گەڵ دەکەم و مەسەلەی چەکەکانیش چارەسەر دەبێ.

منیش لە وڵامدا نووسیم:

ئەم مەسەلەیە پێوەندیی بە ئێمەوە هەیە، دەفتەری سیاسی بریاری داوە ئەو چەکانە وەربگرینەوە. تکایە ئێوە دەست لە کاروباری ئێمە مەدەن، با خۆمان ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکەین.

سلێمان خان قەولی دا کە چەکەکان رادەستمان کاتەوە بە مەرجێ تا شەو دەست راگرین، بۆ ئەوەی کێشەکە بە هێمنی چارەسەر بکرێ، من قەبووڵم کرد. دوایی زانرا عیسمەت خان و سمایل خانی زەڕزا بەرەو ورمێ هەڵهاتوون، تا حەمەد ئەمین چیچۆ بە هاواریانەوە بێت، فەرمانمان بە پێشمەرگە دا کە رێگای شنۆ-ورمێ بگرن و هاوکاتیش نامەیەکم بۆ مەسعوود بارزانی نارد کە باشترە خەبەر بە حەمەد ئەمین چیچۆ بدات کە بیر لە هاتن بۆ شنۆ نەکاتەوە.

کاک مەسعوود نامەی ناردبوو کە ئێمە دەتوانین ئەم چەکانە تا چەند رۆژی دیکە وەرگرینەوە و هەراشی ناوێ. شەو بە مەبەستی وەرگرتنی چەکەکان رۆشتینە ماڵی سلێمان خان، بەڵام

سلێمان وتی چەکەکان ئامادە نین، لە پڕدا عەبدۆلمەیهەمی برازای مەلا مستەفا و حەمید ئەفەندی چەکداری بارزانییەکان هاتنە ماڵی سلێمان خان. حەمید ئەفەندی وتی ئەم هەرایە چیە و من بم پەنجا کەلاک لەم شارە دەخەم. منیش لە وڵامدا وتم حەمید ئەفەندی شاش هەزاران کەلاکی خست بەڵام ئەوەش چارەنووسیەتی کە ڕەنگە ئاگادار بی. دوای ئەوە سلێمان خان کە زانی دۆخەکە خراپە فەرمانی دا کە چەکەکانیان دایە تەحویلم. دوای ئەوە کە ئەرتەش هێزی بەرەو شنۆ جووڵاندبوو ،وامان باش زانی کە ئەو چەکانە بدەینەوە دەوڵەت، بەم شێوەیە ئەو مەسەلەیە کۆتایی هات" (ک. حیسامی، بەرگی ٦، ل ١٣٤-١٤٥) بەڵام سەیر ئەوەیە کە دوای ئەم ئاڵۆزییانە مەسعوود بارزانی بە وتەی خۆی بانگهێشتی کۆبوونەوە لە گەڵ وەفدی ئێرانی کە پێک هاتووە لە چەمران وەزیری بەرگریی ڕێژیم، فەلاحی فەرماندەی هێزی وشکانیی ئەرتەش و زەهیرنیژاد فەرماندەی لەشکری ٦٤ی ورمێ دەکرێ کە بە وتەی خۆی چەند بەگ و سەرۆک عەشیرەی ناوچەکە لە گەڵ خۆی دەبات. ناوبراو دەڵێ: لەم کۆبوونەوەیەدا کێشەکانی هەر دوو لامان چارە سەر کرد. (بارزانی، لاپەڕەی ٢٦٨)

## دزرانی تەرمی مەلا مستەفای بارزانی و کاردانەوەکانی

ڕۆژی دەی پووشپەڕی ١٣٦٠ لە شنۆ وە خەبەر بە بەڕێوەبەرایەتیی حیزبی دێموکرات گەیشت کە تاقمێکی خۆ فرۆش و خوانەناس بەشەو گڵکۆی مەلا مستەفا بارزانی یان داوەتەوە و تەرمەکەیان دزیوە. بەڕێوەبەرایەتیی حیزبی ئێمە زۆر بەو خەبەرە ناڕەحەت بوو و بەڕەسمی لە دەنگی کوردستانی ئێرانەوە ئەو تاوانەی وەک کردەوەیەکی دژی ئینسانی و دژی ئیسلامی مەحکووم کرد. بە خۆشیەوە هەر ئەو ڕۆژە خەبەر گەیشت کە تەرمەکە دۆزراوەتەوە و بە حورمەتەوە تەسلیمی بنەماڵەکەیان کراوەتەوە. دیسانیش کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری دا کە لەو کارەساتە بکۆڵێتەوە و تێ بکۆشێ ئەو تاوانبارانە بدۆزێتەوە و بە سزای خۆیان بگەیەنێ. لەو بارەوە ڕێنوێنی و دەستووری پێویست بە کۆمیتەی شارستانی حیزب لە ناوچەی شنۆیەش درا. بەڵام زۆر بە سەر سورمانەوە دیتمان داروودەستەی قیادە و لە سەرووی هەموویانەوە مەسعود بارزانی کە گویا سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە زۆر بێشەرمانە دەستیان کرد بە بەیاننامە دەرکردن و درۆ و بوختان هەڵبەستن بۆ حیزبی ئێمە کە گوایە دزرانی تەرمی بارزانی بە ئاگاداری و دەستووری حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە. هەر بە دوای ئەو درۆ و دەلەسەیەش دا بە ڕەسمی هەڕەشەیان کرد کە ئەو کارە بێ سزا ناچێ و یان روحیان لەبەردا نابێ یان قینی دڵیان بە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دەڕێژن. (وەرگیراو لە نامێلکەی خیانەتەکانی قیادە مەوەقەت)

## فتوای جیهادی خۆمەینی دژی کوردستان و هەڵوێستی قیادە موەقەت

لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا خۆمەینی دژی خەڵکی کوردستان فتوای جیهادی دا و بە هێزە چەکدارەکان دەستووری دا کە لە زەمین و ئاسمانە هێرش بەرنە سەر کوردستان. "بەڵام لە

ساڵی ١٩٧٩ دا کاتێک کە ڕیژێمی خومەینی ئیعلامی جیهادی بە دژی خەڵکی کوردستانی ئێران دا و هەڵسوڕێنەرانی قیادەی موەقەت و چەکدارەکانی داروەستەی بارزانی دەست بەجێ لە ناوچەی مەریوان شان بەشانی ژاندرمەکانی ئێران بە گژ پێشمەرگەکانی حیزبی ئێمەدا چوون، لە شنۆ تەقەیان لە خۆپیشاندانی خەڵک کرد و شەش کەسیان کوشت، لە ناوچەی ورمێ دەرەبەگ و کۆنە ساواکییەکان بە پشتیوانی ئیدریس بارزانی نیزیکەی هەزار ماڵی وەرزێر و زەحمەتکێشیان دەربەردەر کرد و هەر لە سەر پێشنیاری" ئیدریس" چەندین سەد نەفەر لەم ناوچەیەدا بە سەرۆکایەتی دەرەبەگەکان بوون بە جاشی ڕەسمی ڕیژێمی خومەینی." (وەرگیراو لە نامێلکەی خیانەتەکانی قیادە مەوەقەت)

## شەڕی پاوە و هەڵوێستی قیادە موەقەت

بارزانی لە لاپەڕەی ٣٦٩ کتێبەکەیدا باسی تێکچوونی نێوان حدکا و کۆماری ئیسلامی دەکات بەتایبەت لە پاوە و هاوکاتیش باسی سێهەمین دیداری لە گەڵ دۆکتۆر قاسملوو دەکات و هەر وەک پێشتر دووپاتی دەکاتە کە پێی لە سەر بەهێز کردنی پێوەندییەکانی هەردوولا داگیرایەوە. بارزانی لە سەر شەڕی پاوەدا باز دەبات و دەڕواتە سەر باسی بەگ و بەگزادەیەکی دیکە و تەنیا دەڵێ خۆمەینی فەتوای جیهادی دا و باسی بەشدارییی خۆیان ناکات. بەڵام کەریم حیسامی دەڵێ خەربەرمان بۆ هات کە چەکدارانی قیادە موەقەت بە سەرۆکایەتی ناڵە هەورامی ڕێگای مەریوانیان گرتووە  و ناهێڵن یارمەتیی کوردەکان بگاتە پاوە و مەریوان.

دەفتەری سیاسی منیان ڕاسپارد کە لە گەڵ مەسعوود بارزانی و سامی عەبدورەحمان لە سەر ئەو کێشەیە باس بکەم و پێشی ئەو کارە بگرن... سامی ڕایگەیاند کە ئەوە سیاسەتی ئێمە نیە و  من نامەیەک بە زەلامێکدا دەنێرم و ئێوە ئەو زەلامە بگەیەننە مەریوان. بەڵام دواتر نە نامە هات و نە زەلام. دواتر ئێمە کۆپییەکی تێلێگرافی گشتیی ژاندارمێریی ئێرانمان کەوتە دەست کە نووسیبووی: ئەو چەکدارانەی بە سەرۆکایەتی ناڵە هەورامی لە شەڕی پاوە یارمەتیی ژاندارمەیان داوە هەر یەکەی پینسەد تمەن پاداشیان بدرێتێ. دەفتەری سیاسی بڕیاری دا کە مەلا ڕەسوڵی پێشنەماز بە سەرۆکایەتی پۆلێکی پێشمەرگە بچێ بۆ پاوە و مەریوان. کاتێک مەلا ڕەسووڵ دەگاتێ  و دەزانێ کە وا چەکداری قیادە موەقەت ڕێگایان گرتووە، لە بەر ئەوەی نایەوێ شەڕی کورد بکات، دەگەڕێتەوە کە لە ڕێگادا لە دەرگیری دە گەڵ جاشاندا عەلیی برای شەهید دەبێ. (ک. حیسامی، بەرگی ٦، ل ١٤٦-١٤٨) حیزبی دێموکرات لەم بارەیەوە دەڵێ: هەر لە سەرەتای هەڵگیرسانی ئاگری شەڕی سێ مانگەدا کاتێک کۆنەپەرستان لە پاوە شەڕیان بە گەلی کورد فرۆشت ، حیزبی ئێمە قافلەیەکی کۆمەک و تەقەمەنی بەرەو ناوچەی هەورامان وەرێ خست. بەڵام چەکدارەکانی قیادە لە دزڵی پێشیان پێ گرتن و بەهیچ جۆر ڕێگایان نەدان بڕۆن. لە ئاکام دا پێشمەرگەکانی کورد لە ناوچەی پاوە لەبەر نەبوونی ئازووقە و تەقەمەنی ناچار بوون پاشەکشە بکەن و بەوجۆرە پێشی پەرەگرتنی هێرشی کۆنەپەرستی بەرەڵڵا بوو. ئەگەر

ئەو خەیانەتەی قیادە موەقەت نەبوایە و شۆرشگێرانی کورد لە پاوە لەوەختی خۆی دا کۆمەک و موهیماتیان پێ بگەیشتایە بەبێ شک چارەنووسی شەڕی کوردستان جۆرێکی دیکە دەبوو. (خیانەتەکانی قیادە مەوەقەت) ئەم کردەوەیەی پارتی لە کاتێکدا بوو کە دۆکتۆر قاسملوو لە کاتی دەست پێ کردنی شەڕەکە کە بە شەڕی سێ مانگە بە ناوبانگە، داوای یارمەتی لە هەموو هێزەکان پارچەکانی دیکەی کوردستان کردبوو و بۆ ئەم مەبەستە تایبەت لە گەڵ پارتی دانیشتنی کردبوو، بەڵام پارتی بە بیانووی بوونی ئەندامانیان لە شارەکانی دیکەی ئێران ئەم داوایەیان ڕەد کردبوویەوە. (نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتر دەشکێنن، ل ١٢٥)

## گرژی لە ناوچەی ئۆرمیە

١٩٧٩/٧/١٨ ژاندارمە بەرەو ناوچەی برادۆست و سێرۆ و سنووری تورکیە هێز دەجووڵێنێ، تاهیر خان جەهانگیرئاغای دەرێ پێشی پاسداران دەگرن، پاسدار و ژاندارمەی زۆر دەکوژرێن، کومیتەی ناوەندیی منیان ناردە لای ئۆستانداری ورمێ، پێشنیاری ئێمە ئەوە بوو کە شەڕ بوەستێ و لەشکر پاسدار بگەڕێنەوە نێو شار و ئێمەش داوا لە کوردەکان دەکەین پاشەکشە بکەن. ئۆستاندار قبووڵی کرد. حکومەت فشاری بۆ هاتبوو، وای لێهات چەمران و فەلاحی فەرماندەی گشتیی ژاندارمێریی ئێران هاتبوونە ورمێ و دەستەو داوێنی ئیدریس و مەسعوود ببوون، ئیدریس و مەسعوود هاتنە مەرگەوەڕ و بەگزادەکانیان لە شەڕ پەشیمان کردەوە و ئەوان (ئیدریس و مەسعوود) لەم شەڕ راگرتنەدا بە قازانجی حکوومەتی ئیسلامی دەورێکی گرنگیان گێرا. (ک. حیسامی، بەرگی ٦، ل ١٤٩-١٥٠) مەسعوود بارزانی بە وتەی خۆی بانگهێشتی کۆبوونەوە لە گەڵ وەڤدی ئێرانی کە پێک هاتووە لە چەمران وەزیری بەرگری رێژیم، فەلاحی فەرماندەی وشکانیی ئەرتەش و زەهیرنیژاد فەرماندەی لەشکری ٦٤ی ورمێ دەکرێ کە بە وتەی خۆی چەند بەگ و سەرۆک عەشیرەی ناوچەکە لە گەڵ خۆی دەبات. ناوبراو دەڵێ لەم کۆبوونەوەیەدا کێشەکانی هەر دوو لامان چارە سەر کرد. (بارزانی، لاپەڕەی ٢٦٨)

## دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی حدکا

لە درێژەی نووسینەکەی بارزانیدا دیارە کە بە خەستی ویستوویانە دەست لە کاروباری ناوخۆیی حیزبی دێموکرات وەردەن. لە کتێبەکەی بارزانیدا هاتووە کە "ناکۆکییەکی قووڵ لە نێوان حیزبی دێموکرات و شێخ عێزەدین و جەماعەتی کۆمەڵە هەیە... سەرکردایەتی حیزبی دێموکرات بە سەر دوو بەرەدا دابەش بووە، بەرەی لایەنگری چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکان و بەرەی کۆمەڵە و عێزەدین... لە درێژەدا بارزانی (پاش جیابوونەوەی تاقمی حەوت کەسی) دەڵێ پێوەندییەکانمان لە گەڵ غەنی و هاورێیانی باش و بەهێز بوو و هەوڵێکی تەواویان دا بۆ پتەو بوونی پەیوەندییەکانی هەر دوو لامان... ئەگەر سنوورێک بۆ ئەو گرووپەی ناو حیزب دانەنرێ کە نزیکن لە حکومەتی عێراق، ئێمە ناچارین ئیجرائات وەربگرین... سەروانی فرۆکەڤان عەلی

کەریمی (سەر بە تاقمی حەوت کەسی و سەروان نەبووە و هومافەر ٣ بووە) سەردانی کردم و دانی بەوە دانا کە دەستی حیزبی بەعس هاتۆتە ناو حیزبی دێموکرات... لە بەشێکیتری دیدارەکەدا (لە گەڵ کەریمی و مستەفا شەڵماشی) رایانگەیاند کە هەموو ئەو کەسانەی نیزیک بوون لە دەزگا هەواڵگرییەکانی رێژیمی عێراق لە ریزی حیزب دەرکراون... پێشوازیمان لە عەلی کەریمی و رەحمان کەریمی کرد و رەحمان رایگەیاند بێ هیچ گومانێک سیاسەتی قاسملوو سەر بە حکوومەتی عێراقە... دوای ئەوەی دڵنیا بووم کە کەریمی و هاورێیانی هەڵوێستی خۆیان رادەگەیەنن، بۆ ئەوەی تووشی هیچ کاردانەوە و بارودۆخی نەخوازراو نەبن و هەروەها بە مەبەستی سوودوەرگرتن لەو بارودۆخە لە پێناو راگرتنی شەڕ و چارەسەری کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران پریارمان دا هاوکارییان بکەین و هانی ئێرانیش بدەین بۆ راگرتنی شەڕ و گرتنە بەری رێگەی چارەسەریی ئاشتییانەی کێشەکان... بە مەبەستی رەخساندنی زەمینەیەکی لە بار بۆ کۆبوونەوەی نێوان هەردوو لایەنی دیمێکرات و ئێران، پێشنیوەڕۆی رۆژی ٤ی شۆباتی ١٩٨١ لە بارەگای مەکتەبی سیاسی پێشوازیمان لە رەحمان کەریمی و عەلی کەریمی کرد... لە کۆبوونەوەیەکی گرینگ و مێژوویدا هەردووک لامان بە یەک گەیاند و لەو رۆژەدا یەکەم کۆبوونەوە لە نێوان سەرهەنگ تاجەدینی نوێنەری حکومەتی ئێران و سەرکردایەتیی راست و دروستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو کە پێک هاتبوون لە رەحمان کەریمی و عەلی کەریمی. دواتر لە سەر داوای کەریمی ئازاد بەرواری بە مەبەستی پێوەندیی بە غەنی بلوریان و حیزبی توودە بۆ بەشداری پرسەکە رەوانەی تاران کرا" (بارزانی لاپەڕەکانی ٢٧٠-٣٠٥)

شتێک کە لێرەدا بە زەقی بەرچاو دەکەوێ هەوڵی بارزانی بۆ لێک بڵاو کردنەوەی ریزەکانی حدکا بۆوە، بۆیە بە دزییەوە لە گەڵ هەر کەسی ناڕازی و تاق و لۆق دادەنیشێ و دەسبەجێ لە گەڵ فەرماندەیەکی سپا یان ئەرتەش کۆبوونەوەی بۆ ساز دەکات و ئەو تەوەهۆمەی لا دروست دەکات کە تۆ دلسۆز و سەرکردەی ڕاست و دروستی و دەتوانی کێشەی کورد چارەسەر بکەی.

لەم هەوڵانەدا تەنیا شتێک کە مەبەستی بارزانی نەبووە چارەسەریی کێشەکە بۆوە، تەنیا مەبەست تێکدانی دۆخەکە بە قازانجی حکوومەت و دەوردانەوەی حیزبی دێموکرات بووە.

سەرەتا بارزانی حیزبی دێموکرات دابەشی دوو بەرە دەکات، یەکیان لایەنگری ئاشتی و ئەویدیکە لایەنگری کۆمەڵە و شێخ عێزەدین کە لایەنگری شەڕن، دوای ئەوە روون دەبێتەوە کە مەبەستی لە بەرەی لایەنگری ئاشتی تاقمی غەنی بلووریانە و بەرەی دیکە کە ئەم جار پێیان دەڵێ لایەنگری بەعس لایەنگری حدکا و دوکتۆر قاسملوون. کەریمی کە فرێوی بارزانیی خواردووە بە پشتیبانیی ئەو و بە دوور لە چاوی حدکا لە گەڵ سپای پاسداران دادەنیشێ سەرکردایەتی راست و دروستی حدکان. چونکە ئەو پێی وابووە کە "زۆربەی بەرپرسان و پێشمەرگەکانی حدکا پشتگیرییان لە سیاسەتی کەریمی و هاوورێیانی دەکرد و دژی سیاسەتی سەر بە حکوومەتی عێراق بوون لە ناو دێموکراتدا." (بارزانی لاپەڕەی ٣٠٢) ئامارێک

کە بەتەواوی داتاشراوی زەینی خودی بارزانییە و دواتر دەرکەوت کە کەریمی تاقمی حەوت کەسی چەندە لایەنگریان هەیە.

بارزانی کە تا سەر ئێسقان رقی لە چەپە و نایشارێتەوە، بەڵام کە دەگاتە حدکا ئەو کینەیە نامێنێ و دەبێتە غەمخۆری تووەدەبیەکانی ناو حدکا وەک غەنی بلووریان و بە هەموو شێوەیەک یارمەتیی دەدات تا بەڵکو لە حدکا جیایان بکاتە و هێزی حیزبی دێموکرات کەم بێتەوە. لە هەموو ئەو باسانەی کە لە سەر رۆژهەڵات دەیکا ناوی نێنەرێک دێنێ تەنیا دەڵێ ئەوە بە کاک کەریم حیسامی یان رەحمان کەریمیم گوت، یەکجاریش ناوی دیکە لەو بابەتە ناهێنی.

کاتێک بارزانی بە رەحمان کەریمی دەڵێ سەرکردایەتی راست و دروستی حیزبی دێموکرات، لە ناو زەینی خۆیدا رێبەرایەتیی حدکای دابەشی بەرەی خێر و شەڕ کردووە. بەرەی خێر رەحمان کەریمی و تاقمی حەوت کەسین، تاقمی شەڕ بەرەی دوکتۆر قاسملوو! لەم گۆشە نیگایەوە بارزانی دەیەوێ پاساوی شەڕی قیادە موەقەت بداتەوە بۆیە پەیتا پەیتا تۆمەتی بەعسی بوون دەخاتە پاڵ دوکتۆر قاسملوو، تا بە خەیاڵ بیکاتە بەرەی شەڕ. مرۆڤی خێرخواز کاتێک باسی کێشەیەک دەکات و دەیەوێ چارەسەری بکات، یەکەم کار کە دەبێ بیکات، بێ لایەن بوونیەتی، کە هەر ،مرۆڤێک کتێبی بارزانی بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێ کە لایەنگرانە قسە و قەزاوەت دەکات، بۆیە خێرخوازییەکەی دەڕواتە ژێر پارسیار.

دوای ماوەیەک حدکا ئاگاداری بوو لە پیلانی بارزانی ، رەحمان کەریمیی دەرکرد. "رەحمان کەریمی بە تاوانی پیلانگێری دژی حیزب، خیانەت بە ئامانجەکانی گەلی کورد، جاسووسی بۆ هێزی حاکم، وەک بڵاو کردنەوەی نهێنییەکانی حیزب، پێوەندی گرتن لە گەڵ سپای پاسداران و ئەرتەش بەبێ ئیزنی حیزب، ئەنجام و تەواو کردنی عەمەلیاتی پیرانشار بە سوودی دوژمن، پیلانگێری لە نێو حیزبدا بۆ تێکدانی ریزەکانی حیزب، بڵاو کردنەوەی دەنگۆ و بۆختان هەڵبەستن بۆ رێبەریی حیزب ، هاوکاری لە گەڵ سەنار مامەدی، بە خائین بە حیزب و گەلی کورد ناسرا، لە بەر ئەوە لە حیزب دەردەکرێ و بۆ سزادان بە دادگای شۆرش دەسپێردرێ. هەر وەها سەنار مامەدی بە تاوانی پێکهێنانی پێوەندی لە گەڵ ئۆوەیسی و دارودەستەی سەڵتەنەتخوازان، وەرگرتنی پووڵ و چەک لەوان، چەوساندنەوەی زەحمەتکێشانی گوندەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی و دەرکردنیان لە سەر جێگا و رێگای خۆیان، بەکار هێنانی رەفتاری دەرەبەگانە لە کاروباری حیزبیدا، هەوەها بەشداریی راستەوخۆ لە گەڵ رەحمان کەریمی بۆ خیانەت بە حیزب و گەل، بە خائین ناسرا. (جەلیل گادانی، ٥٠ ساڵ خەبات، ل ٢٩١ و ٢٩٢)

لە لاپەڕەی ٣١٩ بارزانی دەڵێ "ئۆباڵی چارەسەر نەکردنی کێشەی کورد و سەرنەکەوتنی گفتوگۆ و دنووستاندنەکان و روودانی شەڕ لە کوردستانی ئێران دەکەوێتە ئەستۆی هەر دوو لایەنی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان. چوونکی لە ناوەندی دەسەڵاتی ئێراندا چەند

کەسی شۆڤێنیستی و کینە لە دڵ هەبوون کە بە هەموو شێوەیەک دژی گەلی کورد و مافەکانی وەستابوونەوە... لە ناو حیزبی دێموکراتیش کەسانێک هەبوون کە کەوتبوونە ژێر کاریگەریی هێزەکانی چەپ و توندڕەوەکان کە ئامادەی گفتوگۆ و گرتنەبەری ڕێوشوێنی ئاشتییانەی کێشەکان نەبوون" لێرەدا بارزانی زۆر بە شێوەیەکی سەرسوور هێنەر تەواویەتی ڕێژیم لە جینایەتی شەڕ لە کوردستان دەپەڕێنێتەوە و تەنیا تاوان دەخاتە پاڵ چەند کەسی سۆڤێنی! ئیتر ئاماژە بەوە ناکات کە هێشتا یەک مانگ لە هاتنە سەر کاری ڕێژیم تێ نەپەڕیبوو کە شەڕی سنە رووی دا، بەو حاڵەشەوە وڵامی کورد پێکهێنانی دەستەی نوێنەرایەتی بوو و ڕۆیشتن بۆ تاران و دیدار لە گەڵ خۆمەینی و کاربەدەستانی دیکە. بارزانی ئاماژە بەوە ناکات کە ئاکامی ئاشتیخوازی و هەوڵی کورد بۆ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکە فتوای جیهادی بە شوێندا هات، ئاماژە بە گێرەشێوێنییەکانی خۆی و هاوپەیمانیی ژێربەژێری لە گەڵ ڕێژیم دژی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات ناکات، ئاماژە بەوە ناکات کە تەنانەت دوکتۆر قاسملوو بۆ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد ڕۆیشتە سەر مێزی وتووێژ بەڵام دیپلۆماتەکانی ڕێژیم تیرۆریان کرد.

تەنانەت بارزانی پرسیارێکی چووکەش لە خۆی ناکات کە ئەگەر حیزبی دێموکرات لەم ناوەدا تاوانبارە، دەی خۆ تاقمی حەوت کەسی بەتەواوی خۆیانیان رادەستی ڕێژیم کرد و تەنانەت هەزار بۆختانیان بۆ قاسملوو و حیزبی دێموکرات هەڵبەست، تەنانەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران-پێڕەوانی کۆنگرەی چواریان دامەزراند و دژی حدکا و هەموو لایەنەکانی دیکە راوەستانەوە، ئەی بۆ ڕێژیم تەنانەت ئیزنی خۆدەرخستنیشیان پێ نەدان؟ دەی خۆ ئەحمەد مفتیزادە لە گەڵ خۆمەینی یەکجار نێوانی خۆش بوو و قەولی خودمۆختارییان پێ دابوو، تەنانەت تاقە فیشەکێکیشی بە ڕێژیمەوە نەنابوو، بۆچی لە زیندان خستیانە ژێر دژە ئینسانیترین ئەشکەنجە؟ سەرەتای شۆرش بە بوونە بەشێک لە هێزی دژمن بۆ سەرکوتی ڕۆژهەڵات تاوانتان خوڵقاند، ئێستاش بەو هەوڵە بۆ چەواشە کردنی ئەو مێژووە خەریکی خوڵقاندنی تاوانێکی دیکەن.

بارزانی لەو کتێبەدا هەموو هەوڵی خۆی دەدات تا بە خوێنەر بسەلمێنێ کە ویستوویەتی کە کوردی ڕۆژهەڵات و ڕێژیم پێک بێن و کێشەکە بە وتووێژ چارەسەر بکرێ. بەڵام هەر خۆی مەبەستی خۆی لەو هەوڵانە دەرپڕیوە. لە کاتێکدا کوردی ڕۆژهەڵات هەیئەتی نوێنەرایەتی هەبووە و لە هەموو پێکهاتەکانی ڕۆژهەڵات پێکهاتووە، مەسعود بارزانی هێڵێکی هاوتەریب لە گەڵ ئەو هەیئەتە دروست بکات، بۆیە بە دوور لە چاوی حیزبی دێموکرات کەسانی وەک رەحمان کەریمی و لایەنگرانی غەنی بلووریان کە پێیان دەڵێ ڕێبەرایەتی راست و دروستی دێموکرات، و فەرماندەکانی سپا و ئەرتەشی ئێران کۆ دەکاتەوە، ئەم هەوڵە راست دەستی ڕێژیمی لە پشت بووە و قیادەی موەقەتیش بە زانیاری تەواوەوە بەرپرسی بە ئەنجام گەیاندنی بووە. لە لایەکەوە ئاغا و دەرەبەگ دژی بزووتنەوەی رژهەڵات چەکدار دەکرێن و پشتیوانیی قیادەی موەقەتیان هەبووە لە لایەکی دیکەشەوە خەریکی دەوردانەوەی هەیئەتی نوێنەرایەتی کورد و

له باربردنی ئەو هەیئەتەن. له نێو ئەم کتێبەدا بارزانی زۆر تێدەکۆشێ ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات بە تایبەتی دوکتۆر قاسملوو وەک ئەندامی بەعسی عێراق نیشان بدات، تۆمەتێک کە ڕێبەرانی ڕێژیم و حیزبی توودە و شۆڤێنیستە فارسەکان بۆ ئینکاری کێشەی کورد لە بزووتنەوەی کورد و بە تایبەتی دوکتۆر قاسملوویان دەدا، بۆ ئەوەی بڵێن کورد لە ئێران کێشەی نیە و ئەوە بەکرێگیراوانی بەعسن کێشە ساز دەکەن، ئێستاش بارزانی ئەو تۆمەتە دووپات دەکاتەوە.

جەمیل کولاهی